# کۆنووسی تایبەت بە ڕێنماییەکانی دامەزراندنی مامۆستایان

## بە شێوەی گرێبەست بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٤-٢٠١٥)

١- دامەزراندن لە هەردوو قۆناغی ئامادەیی و بنەڕەتی تەنها بۆ مامۆستایان دەبێت.

٢- تەنها دەرچووانی کۆلێژی پەروەردەو پەروەردەی وەرزش بۆ قۆناغی ئامادەیی دادەمەزرێن.

٣- تەنها دەرچووانی کۆلێژی پەروەردەی (بنیات- بنەڕەت) وە پەروەردەی وەرزش لەگەڵ دەرچووانی پەیمانگاکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمن (مامۆستایان، هونەرە جوانەکان، وەرزش ، کۆمپیوتەر) بۆ قۆناغی بنەڕەتی دادەمەزرێن.

٤- دامەزراندن بۆ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ئەو قەزایانە دەکرێت کە دەکەونە سنووری بازنەی (٣) بە سەرەوە ، بە مەرجێك لە بازنەی (٣) بۆ ناوچە دووره دەستەکان بێت بۆ زیاتر روونکردنەوە واتا دامەزراندن بۆ ئەو پەروەردانە دەکرێت کە (٥٠کم) و زیاتر لەسەنتەری پارێزگاوە دوورن.

٥- لێژنەی دامەزراندن لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگا سەرپەرشتی پرۆسەی دامەزراندنی گرێبەست دەکات.

٦- لێژنەیەك لە پەرەوەردەی قەزا پێکبهێنرێت بە سەرۆکایەتی سەرپەرشتیاری پسپۆری یەکەم وە ئەندامیەتی بەرپرسی خوێەتی و ئەندامیکی یاسایی بۆ جێ بەجێ کردنی پرۆسەی دامەزراندن بە گرێبەست و تیمیکی هونەری یارمەتی لێژنەکە بدات.

٧- پێویستە پەروەردەی قەزا راستەوخۆ شاغری سنووری خۆی بە پێی ئەو دەرجەیەی بۆ دیاریکراوە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتییەکەی لەگەڵ ناوی ئەو قوتابخانەی کە لێی دادەمەزرێت لەگەڵ جۆری پسپۆریەکەی رابگەیەنرێت.

٨- کێبرکێ لەسەر ئاستی قەزا لەسەر کۆی دەرەجەی دیاریکراو پسپۆری دیاری کراو دەبێت، دوای دەرچوونی ئەنجام، پەروەردەی قەزاکە لەسەر قوتابخانە دیاریکراوەکان دابەشیان دەکات، وە پێی کۆنمرەی خاڵبەندی شوێنی دوور و نزیك لەسنووری پەروەردەکە دیاری دەکرێت بۆ دامەزراندنیان.

٩- پێویستە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە بۆ پەروەردەی هەر قەزایەك هێمایەك یان ژمارەیەك لەسەر فۆرمەکە دابنێت بۆ جیاکردنەوەی فۆرمی پەروەردەی قەزاکان .

١٠- دامەزراندن تەنها بە پێی ئەو فۆرمە دەبێت کە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە پەسندکراوەو گشتێنراوە.

١١- هەر کەسێك زانیاری نادروست پێشکەش بکات ئەگەر داشمەزرابێت ئەوە فەرمانی دامەزراندنی هەڵدەوەشێندرێتەوە.

١٢-لێژنەی باڵا لە وەزارەتی پەروەردە چاودێری وردی دامەزراندنەکان دەکات، ئەگەر هەر دامەزراندنێك لە چوارچێوەی ئەم ڕێنماییانەی سەرەوە نەبێت رەتی دەکاتەوە.

١٣- دابەشکردنی فۆرم ماوەی (٧) رۆژ بە بەردەوامی دەبێت لە رۆژی راگەیاندنییەوە، وە ماوەی گەڕاندنەوەی فۆرم (٥) رۆژ تێپەڕ نەکات لە هەمان بنکەی وەرگرتن، وە لەکاتی وەرگرتنەوەی ، فۆرمەکە وەرگرتە بکرێت و ژمارەو بەرواری وەرگرتەکە بدرێتە داواکارەکە.

١٤- لە دوای کۆتایی هاتنی وەرگرتنی فۆرمەکان تا راگەیاندنی ئەنجامەکان (٣) رۆژ دەبێت.

١٥-لە دوای راگەیاندنی ناوی پاڵێوراوان لە پەروەردەی قەزا، ماوەی پەلپ (اعتراض) ماوەی (٣) رۆژ دەبێت.

١٦- سێ رۆژ دوای پەلپ ئەنجامەکە بگات بە ب. گشتی پەروەردەکان.

برهان عبدالله عادل
ب. گ. دیوان

جلال حمزە کاکەشین
ب. گ. سەرپەرشتیاری

احمد سمایل رحمن
ب.گ.ف.ئامادەیی و پیشەیی

د. احمد محمد سالم عثمان
ب.گ.ف.بنەرەتی و ب.ساوایان

زیاد محمد حمدامین
نوێنەری ئەنجوومەنی وەزیران

یوسف عثمان
ب.گ. پلان دانان

بەشدار عبدالخالق
ب.پلان دانان

نیازی کمال محمد
ب. ف. بنەڕەتی

کریم لطیف اسماعیل
ب.ف. ئامادەیی

عبدالله رەمەزان معروف
نوێنەری وەزارەتی دارایی